# دوو نامە بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم.. لە جەلال عومەرەوە(١)**
**١٩٥٧/١١/١١**

بۆ جـەنابی برای گـەورەم کـاک تاهیـر ئەفـەندی ئەلموحتەرەم

نامەی یوشەرڕەفت بەدەستم گەیشت، زۆر کەیف خۆش بووم، هەرچی نووسیبووت حاڵی بووم. ئەو ڕسمەی کە ناردبووت لەبەر ئەوەی زۆر زوناک(٢) بوو، دەرناچێ لە زەنگوغراف، لەبەر ئەوە ئیهمالمان کرد، دەبێ عەفوومان بکەیت.

ئەوجا خۆم چوومە لای جەلال نەجیب(٣)، ئەو ڕەسمی زۆر باشی هەیە ئی کـۆیسنجـەق لەوی وەردەگـرم، ئینشـائەڵڵا لە عـەدەدی شـەشـەم بۆت بڵاو دەکـەینەوە، چونکە ئەم جارە لافاوی سلێمانی بڵاو دەکەینەوە، لەبەر ئەوە ئی هەولێر ئەم جارە بڵاومان نەکردەوە، ئیتر زۆر سەلام لە عـەبدوڵڵا ئەفـەندی ئەحـمـەد(٤) و عـەبدوڵڵا ئەفـەندی کـاکـە(٥) و کـەریم ئەفـەندی(٦) و جەلالەددین(٧) دەکەم.

**ئیتر هەر خۆشیت**
**بچووکت**
**جەلال عومەر/ بەغدا**

(١) جەلال عـومـەر: لەکۆیە بە جەلال کـوردستـانی ناسـراوە، پیـاوێکی خـاوەن هەڵوێـستی کـوردانە بووە، چەندان سـاڵ لە کـۆیە خـەریکی فـەحسی تووتن بووە بۆ پۆلێن کـردن و پلە بۆ دانان بۆی، دواییش مـاوەیەک لە شاری بەغدا لەبەر متمانەی زۆر و دڵسۆزی بۆ کارەکەی، لەبەر ئەوەی زۆر متـمـانەی پێ بووە و کـەسێکی خۆشەویست بووە دەبێتە نووسەری ئۆفیسەکەی (ڕەشید عـارف سـەقـا ١٩٠٤-١٩٨١). لە کـۆتایی سـاڵانی هەشـتـاکـان لە تەمـەنی حـەفـتـا ساڵاندا کۆچی دوایی کردووە.

(٢) زوناک: لێڵ، تەماوی.

(٣) جـەلال نـەجیب: ڕاسـتـرە بڵـێین جـەلال نەجـیم بێـتووشی کە لە سـاڵی ١٩٣٠ لە شـاری کـۆیە لە دایک بووە، خـوێندنی تا قـۆناغی ئامـادەیی تەواو کـردووە، چەپێکی شۆڕشگێڕ بووە، هاوەڵی سەعیدی مەلا ئەحمەد و عەبدولڕەزاق بیمار بووە، لە ساڵانی پەنجاکان لە شاری بەغدا ستۆدیۆی هەبووە و بە پیشەی وێنەگرییەوە خەریک بووە، دوایی لە کـۆتایی پەنجـاکـان بەرەو ئەڵـمـانیـای ڕۆژهەڵات ڕۆیشـتـووە و چەندان سـاڵ لەم وڵاتەدا ماوەتەوە، ژنێکی یۆنانی هەبووە، بەداخەوە نەوەی نییە، لەم سـاڵانەی دواییـدا تووشی نەخـۆشی لەبیـرچوونەوە بووبوو، تا لە شـەوی ١٥-١٦/٢/٢٠٢٠ لە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ یەکجاری سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد، ئامـۆزای عـەبدولڕەزاق بێـتـووشی بوو، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ لە عێراق.

(٤) عـەبدوڵڵا ئەفـەندی ئەحـمـەد: سـاڵی ١٩٢٦ لە شـاری کـۆیە لە دایک بووە، مـامـۆسـتـایەکی بەناوبانگی بواری پەروەردە و تێکۆشـەرێکی سـەرسـەخـتی ڕێگای

کوردایەتی بووە، بە مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەد نوورجان ناسرابوو، لە ساڵی ١٩٤٧ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی تەواو دەکات، دوایی دەچێتە شاری بەغدا و لە ئەعزەمییە خوێندنی (دار المعلمین) تەواو دەکات، ساڵی ١٩٥٠ بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە، ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ ڕەشبگیریبیەکەی کۆیە دەستگیر کراوە، ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین کراوە، لە ١٩٩٩٠/١/٢ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

(٥) عەبدوڵڵا ئەفەندی کاکە: ساڵی ١٩٢٢ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، مامۆستایەکی هێمن و سەنگین بووە، لەناو خەڵکی بە مامۆستایەکی بەڕێز ناسراوە، ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا ئەفەندی کاکە عەبدوڵڵا) بوو، باوکی بە (کاکەی حەمامچی) ناسراوە، چونکە خۆی و ژنەکەی ئیشی حەماچێتی ژنان و پیاوانیان کردووە. خێزانەکەیان لە دوو برا و خوشکێک پێکهاتبوو (عەبدوڵڵا، دڵشاد، هەدیە) کە هەرسێکیان لە ژیاندا نەماون. مامۆستا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٣٦ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، پاش قۆناغی ناوەندی دەچێتە (دار المعلمین)ی ڕاقی کە دوایی کرایە (دار المعلمین الابتدائیة)، دوای سێ ساڵ لە بەغدا خوێندن تەواو دەکات و لە کۆیە دەبێتە مامۆستا، یەکەم دامەزرانی لە گوندی هەرتەل بووە، لە ١٩٥٩/١٠/٣١ دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەندیلی ئێواران لە کۆیە، کە دووەمین قوتابخانەی ئێوارانی کۆیە بووە، دوایی لە ساڵی ١٩٦٥ مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی دەبێتە بەڕێوەبەری دووەم، چەندان ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی باواجی کۆیە بووە، لە سەرەتای هەشتاکان خانەنشین بووە، ساڵی ٢٠٠٠ لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

(٦) کەریمە فەندی: مەبەست (کەریم مستەفاغای حەماغای حەویزی)یە کە بە کەریم شارەزا ناسراوە، لە ١٩٢٨/٣/٤ لە کۆیە لە دایک بووە، ساڵی ١٩٣٥ چووەتەبەر خوێندنی سەرەتایی، ساڵی ١٩٤٦ قۆناغی ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٠ لە خانەی مامۆستایانی (الأعظمیة) لە بەغدا تەواو دەکات، لە ١٩٥٠/١٠/٩ لە کۆیە بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە، چەندان جار مامۆستایەتییەکەی بۆ باشووری عێراق گوێزراوەتەوە، لە کۆنفراسی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر بە سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێراوە، ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٣ دووجار بە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر هەڵبژێراوە، چەندان کتێبی چاپکردووە و بە سەدان وتار و شیعر و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

(٧) جەلالەددین: مەبەست لێی (جەلالەددین ئەحمەد سادق حەویزی)یە، لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، برای (م. تاهیر ئەحمەد حەویزی ١٩١٩-٢٠٠٠)یە، مامۆستایەکی بەڕێز و لەسەرخۆ و پیاوێکی سادە و ساکار و خۆش مەشرەب بووە، چەندان ساڵ مامۆستا بووە، دواجار بەهۆی نەخۆشی لە ١٩٩٦/٦/١٣ کۆچی دوایی کردووە.


بغداد: شارع المستنصر ١٣ - ٣٩
مجله ادبية ثقافية شهرية
صاحب الامتياز: نادی الارتقا دالکردی

هیوا

بغداد: شه قامی مستنصر ١٣ - ٣٩
کوفاریکی ئه دەی زانستی یه مانکی
جاریك دەرئەچی
خاوەنی امتیاز: یانەی سەرکەوتن

العدد ............
التاریخ ............

ژمارە ............
ڕوز ١١/١١/١٩٥٧

*** نامەی دووەم.. لە مووسا سەمەدەوە(١)**

بۆ برای زیدە خۆشەویستم کاک تاهیر

ئومێد ئەکەم لە خۆشیدا بی، شوکر ئێمەش باشین و هەرگیز داوای بەرزیت ئەکەم، بەڕاستی گیانەکەم بەگەیشتنی نووسراوەکەت زۆر کەیف خۆش بووم و زەمانی قوتابیەتیم هاتە بیر کە چۆن وشەمان ئیختیراع

ئەکرد، بە تایبەتی جەنابتان، ئومێد ئەکەم ئێستا لەم بابەتەوە زیاتر شارەزا بووبیت.

زۆرم پێخۆشە لە بابەت کتێبی جوگرافیەی سنفی پێنج ئینتیقادت بنووسی، بەڵام داخ ئەکەم لە کاتی چاپ کردنا زۆر هەڵە کراوە، دووبارە یاری لەگەڵ مسوەدات کراوە، دوو جاریش ئیعادەی تەبع کراوە، بەڵام من ئاگادار نەکراوم، ئەگەر کەموکورتییەکی هەبێ ڕاست بکرێ.

دیسانەوەش ئەم جارە کە چاپ کرا، داوای یارمەتی چەند ڕەفیقێک(ی) وەک ئێوە ئەکەم.

زۆر حەزم ئەکرد چاوم پێتان بکەوێ، بەڵام ئەمساڵ کۆیێ لە حسەی من نەبوو، ئینشائەڵڵا بۆ ساڵی ئاییندە بە دیدارتان شاد ئەبین.

کاک عیزەددین(٢) و کاک نەشئەت(٣) زۆر سەلامیان هەیە.

منیش سەلام لە مەجید ئەفەندی(٤) و جەلال ئەفەندی(٥) ئەکەم، ئیتر داوای خۆشیتان ئەکەم ڕوحەکەم.

**موخلیستان**

**مووسا سەمەد**

**١٩٥٨/٢/١٩**



(١) مووسا سەمەد: سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە، خەڵکی شاری هەولێرە، مامۆستایەکی زیرەک و هەڵکەوتوو بووە، ئەو زاتە لەپێش ساڵی ١٩٦٣ بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێر بووە، دواتر خانەنشین کراوە، ئێستا لە ژیاندا نەماوە، دوای ئەو مامۆستا نەشئەت محەمەد سەفوەت بووەتە بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێر.

(٢) عیزەددین: مەبەست لێی مامۆستا (عیزەددین فەیزی)یە، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی مەخمووری سەر بە شاری هەولێرە، لە سەرەتاوە مامۆستای سەرەتایی بووە، دوایی بووەتە (سەرپەرشتیاری پەروەردە)، مرۆڤێکی بەرز و بەڕێز بووە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کوردپەروەر و دڵسۆزی ڕێگای بارزانی بووە، چەندان جار هاتووەتە کۆیە و لەلایەن برادەرانی ناوچەی کۆیە لە چنارۆک دەعوەت کراوە، وەک ڕێزلێنانێک لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە و لە هەولێر دانراوە، لە هەشتاکان کۆچی دوایی کردووە.

(٣) نەشئەت: مەبەست لێی (نەشئەت محەمەد سەفوەت)ە کە بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێر بووە لەدوای م. مووسا سەمەد.

(٤) مەجیدە ئەفەندی: ناوی تەواوی عەبدولمەجید نوورەددین جەلی زادەیە، ساڵی ١٩١٢ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ لە خولێکی تایبەت لە شاری بەغدا بووەتە مامۆستای سەرەتایی. مامۆستایەکی سەنگین و بەڕێز بوو، چەندان نەوەی پێگەیاندووە، بە تایبەتی نەوەی یەکەمی شاری کۆیە، برازای مەلای گەورە بووە، واتە مەلای گەورە مامی ئەو زاتە بووە، خاوەنی هەڵوێستی کوردانە و جوامێرانە بووە و لە ڕێگای کوردایەتیدا درێغی نەکردووە، ساڵی ١٩٦٣ وەک فەرمانبەرەکانی شاری کۆیە دەستگیرکراوە و ماوەی ساڵێک لە کەرکووک بەند بووە، ڕۆژی ٢٠٠١/١/٣١ بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.